# داخوازینامەی "پرۆژەی ژنی کورد" بۆ قۆناغی هەڵبژاردن

## بۆ بەڕێزان:

## کاک مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کورستان

## مام جەلال تاڵەبانی سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان

## ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان

ئەم قۆناغە لە مێژووی گەلەکەماندا چارەنووسسازە، بۆ باشووری کوردستان دەرفەتێکی مێژوویی ناوازەیە و پێویستە لە لایەن سەرکردایەتی کوردەوە بە ژیرانەترین شێوە سوود لەو هەلە وەربگیرێت و، بۆ ئەو مەبەستەش داخوازییەکانی جەماوەری کوردستان ڕەچاو بکەن. بە تایبەتی لەم قۆناغەدا، کە هەڵبژاردنەکانی عێراق و باشووری کوردستان بەڕێوەن.

ئێمە وەک "پرۆژەی ژنی کورد" کە خەباتکردن بۆ ئازادی کورد و ڕزگاری ژنی کورد و هێنانەدی یەکسانی و دادپەروەری وەک پەیوەست و پەیوەندیدار بە یەکترەوە دەبینین و هاوتەریب بۆ هەردوو پرسی گرنگی کورد و پرسی ژن تێدەکۆشین و خوازیاری کۆمەڵگەیەکی مۆدێرن و مەدەنین لە کوردستاندا، داواکاریمان لە ئێوەی هێژا بۆ ئەم قۆناغە، ئەمانەیە:

**یەکەم:** شاری کەرکووک و ئەو شارۆچکانەی دەوروبەری کە بە سیاسەتی شۆڤێنییانەی تەعریب لە کەرکووک دابڕێندراون، پێش پرۆسەی هەڵبژاردن یەکلا بکرێنەوە و بە فەرمی لە ناو جوگرافیای هەرێمی کوردستاندا بناسرێن. بە هەمان شێوە شارەکانی تری وەک خانەقین، مەندەلی و زەنگار و هتد، خەڵکی ئەم شارانەش بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستاندا بکەن.

**دووەم:** هەردوو بەڕێزتان وەک سەرۆکی پدک و سکرتێری ینک، لە کاتی دانانی یاسای بەڕێوەبردنی کاتی دەوڵەتی عێراقدا پشتگیریتان لەو داخوازییە کردبوو کە ڕێژەی بەشداری ژنان لە ئەنجومەنی نیشتیمانی عێراق و حکومەتدا 40% بێت. ئێمە داوا دەکەین بەڕێزتان هەمان ڕێژە بۆ ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان، بۆ حکومەتی کوردستان و هەروەها بۆ سەرکردایەتی حیزبەکانتان، پەسەند بفەرموون.

**سێیەم:** بۆ ئەوەی وێنەیەکی ڕاستەقینەی دیموکراسی لە کوردستاندا پیشان بدرێت و، بناغەیەکی پتەو بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی دابنرێت، دەخوازین لاوانی کوردستان بە کوڕان و کچانەوە لە ناو دامودەزگاکانی دەوڵەتدا کارا بکرێن و دەرفەت بدرێن لە بڕیارداندا بەشداربن.

لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزماندا

**پرۆژەی ژنی کورد**

**2004/10/28**